ئالان حەمە سەعید: باوکی لاوەند پێیاگەیاندم هیچ سکاڵایەکم لەسەر قوتابخانە و مامۆستاکانی کوڕەکەم نیە

ئالان حەمەسەعید وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێم رایگەیاند، باوکی لاوەند کە ئەمڕۆ لەناو قوتابخانەکەی لە تانجەرە گیانی لەدەستدا پێیاگەیاندوە، "بە هیچ جۆرێك هیچ سکاڵایەکم لەسەر قوتابخانە و مامۆستاکانی نییە و بە کەموکوڕی بون و لەزامەند نیم کە توشی هیچ جۆرە ئەکارێکی کارگێری ببن".

ئالان حەمەسەعید لەپەیامێکدا باویکردەوە، "لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا پرسەو سەرەخۆشیم ئاراستە خانەوادەی قوتابی کۆچکردو لاوەند کاروان کرد، کە ئەمڕۆ لەناو قوتابخانە گیانی سپارد، بەوهیوایەم دواناخۆشیان بێت و جێگەی بەهەشت دەبێت، خوای گەورە سەبوری کاك کاروان و خانەوادەکەیان بداتەوە".
راشیگەیاندوە، "هەڤوڵستی جوامێرانەی کاك کاروان باوکی کاکە لاوەندی کۆچکردو جێگەی سوپاس و پێزانینە، پێی ڕاگەیاندم کە بە هیچ جۆرێك هیچ سکاڵایەکم لەسەر قوتابخانە و مامۆستاکانی نییە و لە خۆم و کەسوکارم ئەگەر دەسزتر نەبوبێتن ئەوا وەك ئەمە بێی دەسزبون، ئەوان دەرگای قوتابخانەیان بەو دۆخە ناهەمواره ماوەیەکی زۆرە کردتەوە و خزمەتی منداڵی

ئەمە دەکەن، ئەوەی دەوترێت کە بەهۆی غازی سوپاوە بوبێت دورە لەڕاستی و نیگەرانی خۆی دەربڕی بەرامبەر بەوەی بەشك لە میدیاکان لەم بابەتە کەوتونەتە هەڵەوە".

ئالان حەمەسەعید باسی لەوەشکردوە، باوکی لاوەند ئاماژەی بەوەکردوە، "ڕاستەوخۆ خۆم ئیمزام کردوە کە مامۆستاکان و کارگەری قوتابخانە بۆ کەموکوڵی بون و ڕەزامەند نیم کە توشی هیچ جۆرە ڕەکارێکی کارگەری ببن، ئەوەی ڕویداوە فەرمانی خوای گەورەیە و پێی شکورین".